بەیارمەتی ئەمینداریتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتونومی
لە چاپ دراوە

# دیوانی
# ئەحمەد موختار جاف

ئامادەکردنو بەراوردکردنو لیکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسینی .
پرۆفیسور دکتۆر
## عیزەدین مستەفا رەسووڵ

به کۆ
ئەفرا
ئەحمەد مو
لە چاپ



دیوانی ئەحمەد موختار جاف
د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

# ديوان الشاعر
# احمد مختار جاف

## اعداد ومقارنة وشرح وتقديم
## الدكتور عز الدين مصطفى رسول

### اشرف على طبعه
### افراسياب احمد مختار جاف

طبع بمساعدة الأمانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة الحكم الذاتي لكردستان

نرخی دوو دیناره



ئەحمەد موختار جاف

بەراورد کردووە .

...دا بەدرێژی باس‌کردووە .

بەیارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی
لە چاپ دراوە

# دیوانی
# ئەحمەد موختار جاف

ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی
پروفیسۆر دوکتۆر
**عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

بە کۆششی :
**ئەفراسیاب**
**ئەحمەد موختار جاف**
لە چاپ دراوە



ديوانی ئەحمەد موختار جاف — د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

## ديوان الشاعر
## احمد مختار جاف

اعداد ومقارنة وشرح وتقديم
دكتور عز الدين مصطفى رسول

اشرف على طبعه
افراسياب احمد مختار جاف

طبع بمساعدة الأمانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة الحكم الذاتي لكردستان

نرخی دوو دیناره

لەبیرناچێ کە (بە زەکای فیتری)[9] فێری چەند زمان بووەو گەیشتۆتە پلەیەکی باشی خوێندەواری» .[10] بەڵام لێرەدا ئەتوانین چەند قسەیەك لەم بارەیەوە زیاد بکەین و بڵێین :

ئەحمەد موختار بەپێی باری رۆژی خۆی و پلەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی ، پلەی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی بە پتەوی و باشی خوێندووە . چونکە کەسێك کورێکی نازداری «وەسمان پاشا»و «خانم» بووبێ کە هەردووکیان خوێندەوارییان زۆر لا مەبەس بووە ، پێویستی بە فەقێیەتی و چوونە مزگەوت نەبووەو رێگەی قوتابخانەی رەسمیی ئەو سەردەمەشی نەنراوەتە بەر ، چونکە دایك و باوکی بەتەمای ئەوە نەبوون بیکەن بە ئەفسەری تورك ، کە خوێندنی رەسمیی ئەوکاتەش زۆرتر هەر بۆ ئەوە بووە . بەڵام لەجێی ئەمە باشترین مامۆستای تایبەتیی بۆ هێنراوەتەماڵەوە .

هەر لە ماڵی خۆیاندا ئەلفوبێ و سەرەتای خوێندنی لەسەر دەستی شێخ محی‌یەدینی (باوکی شێخ جەمالی ئەرزوحاڵچی)ی هەڵەبجەدا خوێندووە . ناشزانم چ مەلایەکی تریش دەرزی عەرەبیی پی‌وتووە ، بەڵام بۆ فارسی خوێندن ، خۆم چەند جار لە مامۆستا گۆرانم بیستووە کە ئەیوت :

باوکم – واتە سلێمان‌بەگی باوکی گۆران – دەرزی فارسیی بە تایەربەگ وتبوو و لەگەڵ ئەحمەد موختاردا پێکەوە دەرزی فارسیی پێ ئەوتین . وەك ئەشزانین سلێمان‌بەگ یەکێك بووە لە فارسی‌زانەکانی سەردەمی خۆی و بە «کاتب فارسی»ش بەناوبانگ بووە . هەرچی ئینگلیزی خوێندنیشە ئەوە مامۆستا کاکەی فەللاح لە زمان ئەحمەدبەگی حەمەساڵح بەگی جافەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ کە لێم‌پرسی کەی مامۆستا گۆرانت ناسی ، ئەحمەدبەگ وەڵامی دامەوە : ئەودەمەی لە هەڵەبجە لەگەڵ ئەحمەد موختار بەگدا ئەمدین خەریکی زمانی ئینگلیزی بوون .

(9) – هەر ئەوێ .
تێبینی : کاك مەحموود زامدار ئیشارەتی ئەوەی کردووە کە ئەم دەستنووسانەی لای کاك حەمەبۆر دیوە .

(10) – مامۆستا رەفیق حیلمیش لەم‌بارەیەوە نووسیوویە : «هەرچەن لە خوێندنێکی بەرزو رێك‌وپێك بەهرەدار نەبووبوو ، بەڵام خاوەن زەکایەکی تیژو بیرێکی ورد بوو . کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزیی ئەزانی . بە کوردی و فارسیی گەلێك شیعری دانابوو» . ( ل ١٧)

تێکرا دیارە کە لە مەیدانی فێرکردنی زمانداو بۆ پەیداکردنی مامۆستای زمان دایك و باوکی قسووریان لێ نەکردووە . ئەوەندە هەیە کە ئەحمەد موختار خۆی زۆر زیرەك بووەو ئارەزووی فێربوونی هەبووەو پلەی خوێندەواری و شاعیریێتی و نووسەریی ئەو لەم پلەی خوێندنە زۆر بەرزترەو ئەمەش دەچێتە سەر وێنەی هەڵکەوتوویی ئەحمەد موختار .

## وێنەو روخساری شاعیر :

گەلێك وێنەی شاعیرمان لە بەردەستدایەو تائێستاش زۆر کەس ماون کە لەنزیکەوە ناسیویانەو دۆستی بوون و کورو کچەکانیشی ماون لەگەڵ ئەوەشدا با بچینەوە سەر سەرچاوەی پێش خۆمان نووسراو .

مامۆستا رەفیق حیلمی ئەڵێ :

« . . لاوێکی شیرین و باڵابەرزو سوورو سپی بوو . بە چاوی شین و[11] مووی زەردی وێنەیەکی مومتازی رەگی ئاریی تەمسیل ئەکرد . زرنگ و شۆخ و تەرپۆش و لە رەغمی دەوڵەمەندی و ئەملاکێکی زۆر ، ماڵوێرانی سەخاوەت و دەس‌بڵاوی بوو . . »[12]

مامۆستا سوجادیش لەم‌بارەیەوە نووسیویە :

« . . ئەحمەد موختار بەگ پیاوێکی باڵابەرزو سووروسپی بووە ، جوان چاك و شۆخ و شەنگ ، چاوگەورەو دەم‌وچاو پان بووە ، رێشی ئەتاشی و جووتێ سمێڵی قەیتانیی ئەهێشتەوە . زۆر حەزی بە راوو شکار کردووە ، راوچی و تفەنگچی و سوارچاك بووە،تەرپۆش و دڵتەر ، زۆرتر مراخانی و شەرواڵی لەبەر ئەکردو شەدەو مشکیی ئەبەست بەسەرەوە ، پشتێنێکی تۆزێ زیادی ئەبەست و فەقیانەکانی هەڵئەکرد ، گەلێ‌جار دوو ریزە فیشەك و ستارخانیی ئەبەست ، لەگەڵ جلی کوردیدا

(11) – کاك ئەفراسیاب ئەڵێ : چاوی کاڵ بوو .
(12) – رەفیق حیلمی . ل ١٧

ئەو دەستبكات بە ئیش و منیش ڕێگەی بدەم و یارمەتیی بدەم .
هەر لەو ماوەیەدا لە سلێمانی کاك ئومێد کاکەڕەش دیوانێکی کۆکراوەو کار تێدا کراوی بۆ هێنام . هەروەك بیستم کە چەند کەسی تر بەو دیوانەوە خەریکن . بەرامبەر بەمە بانگەوازێکمان لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)و گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردەوەو بە ڕەزامەندیی کاك زامداروکاك ئومێد ڕێکخستن و لێکدانەوەو پێشەکی نووسینم بە دوکتۆر عیزەددین سپارد . ئەوەبوو ئەویش هەندێ نوسخەی تری پەیداکردو منیش نوسخەیەکی دەسخەتی شاعیر خۆیم لە هەڵەبجەوە هێنایەوەو بەوچەشنەی لە پێشەکی دیوانەکەدا دەیخوێننەوە کارەکە گەیشتە ئەنجام .
بەداخەوە پاش ئەوەش کە ئامادەکردنی دیوانەکە گەیشتە ئەم پلەیە هەر دەبیستین کە هەندێ شیعری ئەحمەد موختار ماوەو دەس ئێمە نەکەوتووە . بەڵام وابزانم ئێمە گوناهمان لەمەدا نی‌یەو کەسێك کە پێی ئەکرا یارمەتیمان بدا ئەبوو قسوور نەکات . بە هەموو حاڵ شادمانم کە ئاواتێکی گەورەی من و دڵسۆزانی وشەی کوردی و عاشقانی سۆزی شیعری ئەحمەد موختار بە کۆشش و هەوڵی ئەو برایانەی ناویان برا هاتەدی . لە کانی دڵمەوە سوپاسی بێپایانی هەموویان ئەکەم و ئەگەر ناتەواوی‌یەکیش لە کارەکەدا هەبێ ، ئەوا من داوای لێبووردن ئەکەم و ڕۆژان ڕۆژیان لەدوایەو هیوام وایە چاپی دووەمی ئەم دیوانە ئەو بەرهەمانەشی بگرێتە خۆی کە دەستمان نەکەوتن . بەتایبەتی ئەوانەی بە کوردی نین . هەروەك هیوای دەسکەوتنی دوو ڕۆمانەکەی و چاپکردنیانمە .
ئەمەش یارمەتی‌ترو کۆششی زیاتری ئەوی و ئاواتەخوازم کە ڕۆژگار هەمووی برەخسێنی و بەمە بەشێك لە ئاواتەکانی ئەحمەد موختار بهێنینەدی و نەتەوەی کوردی پێ شادمان بکەین و هەرئەوەش هیواو ڕێبازمانە .

**بەغدا ١٩٨٥/١١/٧**



# پێشەکی

نووسینی : د . عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ

**ئەحمەد** موختار ، کوری وەسمان پاشای گەورەی (جاف)ە [١] . کە ئەویش کوری محەمەد پاشای کەیخوسرەوبەگە . هەموو سەرچاوەکان لەسەرئەوەن کە لە ١٣١٦ی هیجریدا لەدایك‌بووە . ئەم مێژووەش بەوە چەسپێنراوە کە لێکیان داوەتەوە (احمد مختار بك) بە ئیملای کۆنی کوردی و حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٣١٦و [٢] ئەو ڕێکەوتە ناوی شاعیرو ساڵی لەدایك‌بوونی یەکخستووە . لەبەر ئەوەش کە ڕۆژی لەدایك‌بوونیان دەست‌نەکەوت ئەبێ تەنها ئەوەندە بڵێین کە ١٣١٦ ی هیجری ڕێکەوتی دوو ساڵی (١٨٩٨–١٨٩٩)ی میلادی ئەکات .
وەسمان پاشای باوکی و مەحموود پاشای مامی ، هەردووکیان لە ئومەرای بەناوبانگی عەشایری جاف بوون . لەلایەن سوڵتانی عوسمانی‌یەوە ڕوتبەی پاشایەتی‌یان درابوویەو لە هەڵەبجە حاکمێتی و قایمقامی‌یان کردووە [٣] .

---

(١) — ڕەفیق حیلمی . شیعرو ادبیاتی کوردی . ب ١ . بەغدا ١٩٤١ . ل ١٣
(٢) — احمد مختار بك
١+٨+٤٠+٤+٤٠+٦٠٠+٤٠٠+١+٢٠٠+٢+٢٠ = ١٣١٦
تێبینی :
هەر بەمەشدا دەرئەکەوێ کە ئەحمەد موختار ناوی لێکدراو واتە (مرکب)ەو لەسەر پێڕەوی دەوری عوسمانی شاعیر ناونراوە (ئەحمەد موختار) . هەرچی تەخەللوسی شاعیرانەیە ئەوە (ئەحمەد)ی بۆخۆی هەڵبژاردووەو لە قەسیدەیەکدا نەبێ (موختار)ی بەکارنەهێناوە . مامۆستا گیوی موکریانی باسی ئەوە دەکات کە سەردەمێك تەخەللوسی «گوڵشەن» بووە . بەڵام هیچ شیعریکیان بەوناوەوە دەست‌نەکەوت .
(٣) — ڕەفیق حیلمی . ئەو سەرچاوەیە . ل ١٣

دایکی ئەحمەد بەگیش کە ناوی (عادلە خانم) بووەو بە خانم یاخانمی وەسمان پاشا ناوبانگی دەرکردووە ، یەکێك بووە لە ژنە هەڵکەوتوو و دیارو بەدیمەنەکانی کورد[٤] .

«ئەحمەد موختار وەکو هەموو منداڵێکی تر لە حەوت ساڵیدا ئەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی منداڵان لە هەڵەبجە ، قورئانو کتێبە وردەکان تەواوئەکا ، لەپاش ئەمانە دەستئەکا بە گولستانو خوێندنی فارسیی‌تر ، لەپاشا کەمێکیش عەرەبی ئەخوێنێو دەستی لێ هەڵئەگرێو خەریکی سەرو سواریو موڵکداری ئەبێ»[٥]

مامۆستا سوجادی لە سیفەتەکانی ئەحمەد موختاردا ئەوە دەستنیشان ئەکات کە حەزی لە خوێندنەوە کردووەو پاش ئەوە باری خوێندەواریی ئەو هەڵئەسەنگێنێو ئەنووسێ :

« . . . کە ورد ئەبینەوە لەم خوێندنەی «ئەحمەد موختار» . . ە تەماشا ئەکەی شتێکی وای نەخوێندووە ، لەگەڵ ئەوەش تاپۆیەکی زیرەکیی بووە ، زمانی فارسیو عەرەبیو تورکیی زانیوە . تۆزە تۆزەیەکیش لە ئینگلیزی . تەنانەت لە فارسیدا گەلێ شیعری هەیە[٦]

---

(٤) — لە زۆر سەرچاوەی مێژووی سەردەمدا باسی «خانم» کراوە . ئەگەر ئەم سەرچاوانە جیاوازی‌یان لە باسی هەڵوێستی سیاسیی خانمدا هەبێ ، ئەوا هەموو لە باسی تواناو هەڵکەوتوویی‌و دەسەڵاتدارییدا یەکن . ئەوەی ئەتوانین لە باسی ناو ئەو سەرچاوانەی زیاد بکەین ئەوەیە کە خانم دەستێکی باڵای لە دامەزراندنی هەندێ دیمەنی شارستانێتیدا بووە ، چ لە هەڵەبجەو چ لە سلێمانیو رۆڵی لەوەدا بووە کە عوسمان‌پاشا ژیانی شارستانو شارستانێتیی لە ژیانی خێڵەکێتی پێ باشتر بێ . هەرچی بنەچەی خانمە ، ئەوە ئاشکرایە کە لە سنەوە هاتووە . هەندێك بە نەوەی بەنی (ئەردەڵان)ی دائەنێن (رەفیق حیلمی ل ١٣)و هەندێك بە نەوەی بەنی (ساحێبقران)ی ئەزانن (سوجادی ل ٥٤٦) . بەڵام نەوەکانی خانم ئەڵێن خانم کچی قادربەگی ساحێبقرانەو دایکی لە بنەماڵەی (وەزیری)ی بەناوبانگی سنەیە .

(٥) — علاءالدین سجادی . مێژووی ئەدەبی کوردی . بەغدا . ١٩٥٢ ل ٥٤٥

(٦) — سوجادی . ل ٥٤٦

تێبینی : هەرچەندە لە چەند سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە کراوە کە ئەحمەد موختار لەپاڵ کوردیدا بە زمانی‌تریش شیعری هەبووە ، بەڵام بەداخەوە هەر یەك هۆنراوەی فارسی نەبێ هیچی‌تریان دەستنەکەوت .

رەفیق حیلمی لەم بارەیەوە پەنجە بۆ قەسیدەیەکی وەرگێڕراوی درێژ ئەکاتو ئەنووسێت :

« . . . ئەحمەد موختار بەگ ، لە زمانی بێگانەیشەوە شیعرێکی زۆر بەرزو رەنگینی بۆکردووین بە کوردیو بەم رەنگە هێزو توانای شاعیریی خۆیو فەساحەتو بەلاغەتی خستۆتە بەرچاو»[٧]

هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ئەحمەد موختاریان کردووە هەر بەم چەشنە باسیان لە پلەی خوێندەواریی کردووە ، بەڵام هەمووشیان کە ئەنووسن « لە قوتابخانەی ئەهلی خوێندوویەتی ، تەحسیلی مەکاتیبی رەسمیی نەبووە»[٨] ئەوەیان

---

(ئەم کتێبە لەژێر چاپا بوو لەبارەی شیعری فارسیی ئەحمەد موختار جافەوە لەگەڵ برای بەرێزم دوکتۆر حەسەن جاف قسەم ئەکرد ، باسی کۆمەڵێ شیعری فارسیی ئەحمەدبەگی بۆ کردم لە کتێبخانەی مەجلیسی شووری میللیی ئێرانا . منیش داوام‌لێکرد ئەوەی ئەیزانێ لەم‌ڕووەوە بۆم‌بنووسێ ، ئەم چەند دێڕەی بۆ نووسیم :

ساڵی ١٣٥٣ی خورشیدی (١٩٧٦ی میلادی) ، کاتێ خەریکی نووسینی تێز (ئوترووحە)ی دوکتۆراکەم بووم ، لە کتێبخانەی مەجلیسی شووری میللیی ئێرانا چاوم بە دیوانێکی دەستنووسی ئەحمەد موختار جاف کەوت کە بریتی‌بوو لە ٣٥٠ صەفحە ، پازدە صەفحەی ئەشعاری فارسیی ناوبراو بوو . لەبەرئەوەی درەنگ‌بوو نەمتوانی هەموو ئەو ئەشعارانە بنووسمەوەو کاربەدەستی کتێبخانەکە نەیدا پێم بیبەمە دەرەوە چونکە ئەوە قەدەغە بوو . بڕیارمدا فرسەتێکی تایبەتی وەربگرمو فۆتۆیەکی بکەم . بەڵام دوای چەند رۆژێك هاتمەوە هەموو کتێبە کوردی‌یەکانیان جیاکردەوە ئەو نامیلکەم دەستنەکەوت . خۆش‌بەختانە هەر ئەوەڵ رۆژ ئەم سێ بەیتەم لە دوو پارچەیان نووسیبووەوە لە ئوترووحەکەما جێم کردنەوەو گونجاندمن :

عاشقان روی تو از درد دل افتاده‌اند
در قمار عشق نقد جان و دل را باختند
افرین بر تیپ مژگان تو ای شکر کلام
چون سپاه بالقانی بر سر دل تاختند

یار من چون میخرامد سرورا رسوا کند
چون نگاهی میکند او ، عالمی شیدا کند)

(٧) — رەفیق حیلمی ل ١٧

تێبینی : وەك دەرئەکەوێ ئەو شیعرانەی «سوللی برۆدۆم» مەحموود جەودەت بە پەخشان کردوویەتی بە کوردیو ئەحمەد موختار بە شیعر دایرشتۆتەوە .

(٨) — نەجمەدین مەلا . مینای شکستە . ب ٣ . (دەستنووس)

# ووتەیەک

نووسینی پارێزەر
ئەفراسیابی ئەحمەد موختار جاف

منالْ بووم ، باوکم شەهید بوو . دیمەنو وێنەیم لە بەرچاوە ، دواکۆتەڵی عەشرەتی جافم بو سەردارێکی جوانەمەرگی ئەو عەشرەتە لەبیرە .

گەورە بووم‌و وردە وردە هوشیار بوومەوە . شیعری باوکمم بەسەر زمانی لاوانی نەتەوەو قوتابی‌یانی وولاتەوە ئەبیست . حەزم‌ئەکرد باشتر لەو شیعرانە بگەم‌و زیاتریان لیٚ بزانم‌و ببیستم .

تا ئێستاش کە یارو یاوەرانی باوکم ئەوە ئەڵێنەوە کە دوا پەرینەوەی لە سیروان بە مەبەستی بینینی من بووە ، چەند تاوێك ماتم ئەمگریت‌و ئەمەویٚ هیچ نەبیٚ بە کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمی‌و بە ناساندنی راستەقینەی بە گەلی کورد شتێك لە ئەمەگی ئەو باوکە بدەمەوە کە لەپالْ ئاواتە گەورەکانی ژیانیدا ئاواتیشی ئەوە بوو باڵی دلْسۆزییان بەسەرا بکێشیٚ ، بەلاٚم هەموو ئاواتی بردە گلْ .

دەمێك بوو خزمانو دۆستانو شیعرخواهان هەواڵی دیوانی تەواوی ئەحمەد موختاریان لیٚ ئەپرسیم ، منیش بەئاواتەوە بووم بۆم برەخسیٚ ماوەیەك لە هەڵەبجەو سلێمانی بیەمەسەرو بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو دیوانەوە خەریك‌بم . بەلاٚم ژیان‌و گوزەران ئەو هەلەیان بۆ نەرەخساندم ، تا ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٢ دۆستم دوکتۆر